
0 100 200 km
0 100 200 mi
66
60
Rio Madeira
Riberalta
Cobija
BRAZIL
12
PERU
Amazon Basin
Rio Beni
Trinidad
Lago Titicaca
ANDES
Rio Mamore
LA PAZ
Cochabamba
Nevado Sajama
Oruro
Altiplano
Santa Cruz
18
Puerto Aguirre
Rio Lauca
Sucre
Potosí
ATACAMA DESERT
SOUTH PACIFIC OCEAN
Tarija
CHILE
PARAGUAY
Rio Paraguay
ARGENTINA


Exigimos la
Recuperación y
Nacionalización
de todo los
Hidrocarburos









# پۆلیڤیا وڵاتی ڕاونانی سەرۆک

عەلی مەحمود محەمەد  13-4 -2005

**پێشکەشە بە یادی 77 ساڵەی لەدایک بوونی جیڤارا 14-5-1928**

ئایا بەڕێکەوت بوو جیفارا پۆلیڤییای هەڵبژارد لە قۆناغی دووەمی شۆڕشە بەردەوامەکەی لە ئەمەریکای لاتیین ؟؟؟ , زۆرێک دوای مەرگی جیفارا هەڵبژاردنی پۆلیڤایان لە لایەن جیفاراوە بە هەڵە زانی , ئاخر ئەوانە یان شارەزای مێژوو نەبوون , یان خوێندنەوەی قولییان نەبوو بۆ ئاستی ئامادەیی هەژارانی پۆلیڤیا بۆ ڕزگار بوون لە چەوساندنەوە . جیفارا خەباتە چەکدارییەکەی بە هاوکاری سیای ئەمەریکی لە ماوەیەکی کورتدا سەرنگونکراو تێکشکا , بە مەرگی خۆی کۆتایی هات . ئەو خەونەی بە کرێکارانی کانەکانی قەسدیر و هندییە سورەکانەوە بەستییەوە لەو کاتەدا هیچی لێ شین نەبوو , لەگەڵ مەرگی ئەودا شۆڕشی چەکداریش هەرەسی هێنا

, بەڵام ئەوەتا دوای 38 ساڵ لەمەرگی جیفارا , لە هەموو کوچەو کۆڵانێکی لابازدا جیڤارا لە پێشەوەی جەماوەرەوە ئامادەی ڕاپەڕینەکانە , لەسەری هەموو شەقامێکدا لەناو باریکاردەکانە , لە ژووری سەری هەموو ماڵە بێ سفرەکانەوە هەڵواسراوە , لە ژێر سەرینی هەموو دڵدارەکان دەست لە ملییان خەوتووە , بە سەرسنگی هەموو کچانەوەیە , لەگەڵ سەمای مەمکییان سەرچۆپی دەگرێت ,لەگەڵ هەموو هەناسەیەکدا فێنکییە بۆ ئەو جەهەنەمەی سەرمایەداری سازی کردووە بۆ هەژاران , لەگەڵ جورەی سکی برسییەکدا دەبێت بە نان بۆیان . ئەمجارەیان جیفارا بە سەرکەوتنەوە گەڕاوەتەوە بۆ پۆلیڤیا , نە سیای ئەمەریکی و نە دەسەڵاتدارانی کرێگرتە ناتوانن پێشی پێ بگرن , جیڤارا ئەمجارە پارتیزان نییە , کرێکاری کانەکانی قەسدیر ونەوت وگازە , هیندیی و ژنانی هەژارە , پێغەمبەری ڕزگارییە بۆ گەلی ئەمەریکا لەو برسێتی و نەهامەتییەی کۆلۆمبس بۆیانی بە دیاری بۆیانی هانی .

ئەگەری ئەوە هەیە بەهۆی ئەوەوەی زۆربەی دانیشتوانی پۆلیڤیا هندییە سورەکان بوبێت بۆیە جیڤارا پۆلیڤییای هەڵبژاردبێت بۆ شۆڕش , سەرباری مێژوی شۆڕشگێڕانەو ئاستی هەژاری لەم وولاتە پێشبینی بەدەنگەوەهاتنییانی بۆ ڕیزەکانی شۆڕش کردبێت .

لە شەستەکان بەربلاوترین ووشە لە ئەمەریکای لاتین بلاو ببوەو ووشەی شۆڕش بوو , جیفارا قارەمانی پیادەکردنی ئەو ووشەیە بوو , سلفادۆرلیندی ئالاکەی لێوەرگرت , ساندینیستەکان و سلفادۆرییەکان درێژەیان پێدا , بە تێکشکانی تۆبامارۆس کۆتایی نەهات , تا تۆبامارۆسییەکانی گەیاندەوە دەسەڵات لە ڕێگەی دەنگدانەوە .

شۆڕش سێ گۆشەی ڕادیکاڵییەت لە ناوچەکە (ئیکوادۆر- فەنزویلا-کۆلۆمبیا)ی تێپەڕاند ,هەموو ئەمەریکای لاتینی گرتەوە .

ئەمڕۆ جیڤارا ئەو ناوەیە هەموو ئەمەریکای لاتین کردووە بە سێ گۆشەی شۆڕش , ئەمجارە لە ڕێگەی فیشەکەوە نا , بەڵکە بە دەنگەکانی هەڵبژاردن ئالای سەرکەوتن لە ووڵات بە دوای ووڵاتدا لە کۆشکی کۆمارییەکان دەچەقێنن , ئەمە گوڵ و لێرە سەمای بۆ بکەن .

جیڤارا هەرچەندە لە بزووتنەوەکەی تێک شکا , بەڵام کاریگەری لە جوتیارانی ناوچەی هەڵسوڕانی کرد , ئەمڕۆ وەک مەسیحێک لەو هەرێمانە سەیرە کرێت خەباتی چەکداری تێدا ئەنجام دا .

لەیاداشتەکانی پۆلیڤیا کە لە نێوان 7-11-1966 - 7-10-1967 نوسیوییەتی , تیایدا نیگەرانی خۆی بەرامبەر کرێکارەکانی قەسدیر دەربڕیوە , کە بە ئەنجامدانی

شۆڕش هەڵنەستاون , هەرچەندە لە ڕیزەکانییان  پارتی کۆمۆنیستی پۆلیڤیا زۆر چالاک بوو, ڕاپەڕینی ئەوان لەو سەروبەندەدا  کاری لەسەر ورەی گەریلاکان دەکرد , ئەگەری گۆڕینی پارسەنگی هێزەکان لە ئارادا هەبوو بە قازانجی گەریلاکان , جیڤارا بەشێک لە خەونەکانی لەسەر بنیات نابوو  .
لە بەرواری 8-10-1967 زیاتر لە 1500 چەکداری ڕژێم بە هاوکاری سیای ئەمەریکی هێرشیان کردە سەر جیفاراو هاوڕێکانی , کە ژمارەیان تەنها 16 گەریلا بوو, پاش 6 سەعات شەڕ ی  قورس جیفارا بە بریندراری بە دیل گیرا و پاشان شەهیدییان کرد . بەڵام بەرگە خوێنینیەکەی لەبەر دانەکەندو بەردەوام بوو لە شۆڕش , ئێستا وا دەبینین بە سەرکەوتوویی گەڕاوەتەوە شەقامەکانی لاباز , شەوو ڕۆژ لە هەموو شەقامێکدا ئامادەیە گۆرانی ڕاپەڕین بۆ هەژرانی پۆلیڤیا و هەموو ئەمەریکای لاتین دەچڕێ .

## کورتەیەکی مێژویی لەسەر پۆلیڤیا

ناوی پۆلیڤیا بەناوی سیمۆن بۆلیڤوار (1738-1830) ەوە ناو نراوە , کە زۆر لە وولاتانی ئەمەریکای لاتینی ڕزگار کرد لە داگیرکاری  (کۆلۆمبیا, فەنزویلا, پیرۆ, پۆلیڤیا) , پۆلیڤار ئەو ناوەیە بێ سڵەمینەوە  چەپەکانی فەنزویلا ناوی ئەوییان هەلگرتووە و شانازی پێوە دەکەن , خەونەکانی سیمۆن بۆلیڤوار لە دادپەروەری و ڕزگاری و  یەکخستنی ئەمەریکای لاتین تا ئەمڕۆ بە زیندویی ماوەتەوە .
 ئەم وولاتە چۆن ئێستا بە وولاتی ڕاونانی سەرۆک بەناو بانگە , لە ڕابردووشدا وولاتی کودەتا سەربازییەکان بوو , لە ماوەی 162 ساڵدا 1189 کودەتای سەربازی بەخۆوە بینییوە , بۆیە بەردەوام لە ناجێگیری سیاسییدا بووە , هۆکاری ئەوەش ئەو هەژاری و پاوانکردنی دەسەلات بووە لە لایەن کەمایەتی سپی پێستەکانەوە .
ساڵی 1943 خاوەند کورەکان سوپایان بانگ کرد بۆ لێدانی کرێکارانی قەسدیر کە مانییان گرتبوو , لە قەسابخانەیەکدا سەدانییان لێ کوشتن .
بزووتنەوەی نەتەوەیی شۆڕشگێڕ کەلایەنگری لە کرێکاران و هندییەکان دەکرد کودەتایان کرد بەسەرییا , کە لە بەرنامەیاندابوو ژییانی کرێکاران باش بکەن .
پۆلیڤیا پێشەنگی شەپۆڵە شۆڕشگێڕییەکان بوو لە ئەمەریکای لاتیین , لە ساڵی 1952 کورەکانی بەرهەم هێنانی قەسدیر خۆماڵی کرا , لە سەرەتای ئەبریلی 1952 شۆڕشی کرێکاری لە پۆلیڤیا هەلگیرسا , یەکێتی کرێکاران چەند مانگ دەسەڵاتداربوون , دوایی ئەوجارەش خەڵتانی خوێنکرا .

خەباتی ساندیکایی و خەباتی هندییەکان (سی ئۆ بی) , 5 ساڵی خایاند تا بە تەواوی سەرکوتکرا .
بۆلیڤیا لە 10-10-1982 لە حکومەتی دیکتاتۆرییەت ڕزگاری بوو پاش 11 ساڵ دەسەڵاتی سەربازی .

## سندوقی دراوی جیهانی دیارییەکانی

لە نێوان ساڵەکانی 1925-1929دا , وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ساڵانە 200 ملیۆن دۆلاری سەرمایەگوزاری کردووە لە وولاتانی ئەمەریکای لاتین , لە بەرامبەردا سەرمایەگوزاران ساڵانە300 ملیۆن دۆلار قازانجییان دەسکەوت بووە , واتە قازانجەکان 150% ی سەرمایەگوزارییەکە بووە . نەوتی فەنزویلا و کانەکانی پۆلیڤیا و شیلی و سامانی کوبا ئامانجی چاوچنۆکی ئەمەریکا بوو لە مێژوودا .
لەو ساوە خەڵکی ئەم وولاتە هەستییان بەوە نەکردووە لەو دیو سنورەکانەوە بە تایبەت لە لایەن وولاتە ئیمپریالییەکانەوە خێرو بەرەکەتییان بۆ بێت , بەڵکە گومانییان لە دەسکە گوڵە دیارییەکانیشییان هەبووە . ساڵی 1985 سەرۆک ڤیکتۆر باز ئستنسورو لە بزووتنەوەی نیشتمانی شۆڕشگێر بڕیاری ژمارە 21060ی دەرکرد , بەو بەیانە دەرگای وولاتی خستە سەر گازی پشت بۆ ئابوری بازاڕ , ئەمەش زەنگی پیادەکردنی نەخشە نیو لیبراڵییەکان بوو لە بواری ئابوریدا , یەکەم دیاری ئەو بڕیارە بۆ خەڵکی پۆلیڤیا دەرکردن و بێکارکردنی 25000 کرێکاری قەسدیر بوو .
یەکێک لە سەرکەوتنەکانی بانکی جیهانی و سندوقی دراوی جیهانی کە بە شانازییەوە تا ئێستا باسی لێوە دەکەن و بە سەرکەوتنی دەزانن بۆ دەزگاکەیان , ڕزگارکردنی پۆلیڤیا بوو لە قەیرانی ئابوری ساڵی 1985 . لە ڕێگەی کەمکردنەوەی کاربردی کۆمەڵ ئەمەش وەک نموونەیەک سەرکەوتوو بە وولاتانی خۆرهەڵاتی ئاوروپا ناسێنرا , تا ئەزموونی لیٚ وەربگرن و کاری لەسەر بکەن . لەو چاکسازییەدا کۆمپانییای کانەکان فرۆشران , بێکاری زیادیکرد , هەقدەستی کرێکاران دابەزی , ئابوری پوکایەوە , جیاوازی چینایەتی چووە سەر , کرێی ئاوو چووە سەر , خزمەتگوزاری دابەزی , پشتگیری لە پێداویستییەکان نەما .
لەگەڵ زۆربوونی دوکانی ئارایشت وئۆتۆمۆبێلی مۆدێل باڵا لە شەقامەکاندا , سواڵکەرەکانی سەر شەقامەکانیش زیادییان کرد , داهاتی تاک دابەزی بۆ سیٚ یەکی ساڵی 1980 , ئەو هەژارییە بوو ئێستاش کە باسی ئەو دەزگا نێو دەوڵەتییانە دەکرێت هەژارانی پۆلیڤیا هێڵنجییان پیٚی دێتەوە , لە تاوا دەڕشێنەوە .

لە نەوەدەکان بە تایبەتیکردن کەرتەکانی نەوت و گازیشی گرتەوە , بەمەش دەرگا بۆ دزینی ئەم دوو کەرتە گرنگەی ئابوریش خرایە سەر پشت . تایبەتیکرن هەر بە نەوت و گازەوە نەوەستا بگرە ئاوی خواردنەوەشی گرتەوە . لە سەرەتای نەوەتەکان سندوقی دراوی جیهانی  بە تایبەتیکردنی کەرتی تایبەتی سەپاند بەسەر دەسەلآتدارانداا , لە ئەنجامدا سەدان خۆپیشاندان سازکرا , پاش ئەوەی هەژاران خواردنەوەی ئاویشییان لیٚ گرانکرا و نەیانتوانی کریٚی ئاو بدەن , بەهۆی زیادکردنی 20دۆلارەوە , کە پیٚنج یەکی داهاتی تاک بوو , بەمەش جگە لە برسیٚتی , ئابوری لیبرالٚی تیٚنوییەتیشی بۆ هەژارانی پۆلیڤیا بەدیاری هیٚنا . بە ووتەی وەزیری ئەشغالی پۆلیڤی  40000 خیٚزان لە لاباز ناتوانن کەلٚک لە ئاو وەرگرن بەهۆی هەژارییەوە , ئەمە ووتەی شایەدحالٚەکانی تیٚنوییەتی نییە , بەلٚکە قسەی کەسیٚکە لە زوەکەوە لەبەر خواردنەوەی مەشروبات بەکارهیٚنانی ئاوی تەرک کردووە .

لە ڕاپرسییەکدا کە لە  مانگی یۆلی سالٚی 2004 دا ئەنجامدرا , ڕیٚژەی 84,64% ی خەلٚک لەگەلٚ چاکسازی یاسای سوتەمەنی بوون , 92,2% لەگەلٚ خۆمالٚی کردنی سوتەمەنی بوون , واتە دژ بەو بڕیارانەی 39 سالٚ پیٚشتر بڕیاری لەسەر درا  , لە ئەمەریکای لاتین بە شیٚوەی گشتی ئاراستەی جەماوەر دژ بە ئابوری بازاڕی ئازاد و هەنگاوە لیبرالٚییەکانە لە بواری  ئابوری .

لە بەرواری 11-1-2005 کۆمپانییای سوی –لونیزی ئاو بەهۆی ناڕەزایەتی جەماوەری تیٚنوەوە  لە وولآت دەرکرا , کە لە بەرواری 1997 ەوە لە پۆلیڤیا کارییان دەکرد لە شاری لاباز , نرخی بەشداریکردنی ئاوی لە هەندیٚک ناوچە 600% بەرز کردبوەوە .

لە ئەبریلی  2004دا , لە کوشابامییا لە ئەنجامی ئەو ناڕەزایەتییانەی بزووتنەوەی بەرهەم هیٚنەرانی کۆکا ئەنجامییان دا ,کۆمپانییای بتشلی ئەمەریکی دەرکرا , لەوکاتەدا سەرۆکی لیژنەی ئاو ئۆسکار ئۆلیفەرا ووتی : بزووتنەوەی کۆمەلآیەتی لە هەژارترین وولآتدا سەرکەوتنیٚکی مەزنی بەسەر سستەمی جیهانگیرییدا داسەپاند , ئەمە سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ خەباتی جەماوەری لە ئاستی جیهانییدا . ئاخر چۆن دژی نەوەستنەوە چاکسازییە ئابورییەکان جگە لە برسیٚتی و هەژاری هیچی بە دیاری بۆیان نەهیٚناوە . داهاتی تاک لە 25 سالٚی ڕابردوودا لە 940 دۆلارەوە گەیشتۆتە 960 دۆلار , کەچی هەلٚئاوسان بەردەوام لە بەرز بونەوەیە , خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە نەمانە . 58,6%ی خەلٚک بە گویٚرەی  INF لە ژیٚر هیٚلٚی هەژارییەوەیەن , بە تایبەت لادیٚنشینەکان نزیک بە تەواوییان لەژیٚر هەژاریەوە دەژیٚن .

# باری ئابوری و پێکهاتەی دانیشتوانی پۆلیڤیا

ڕوبەری پۆلیڤیا 1,098,850 کم2 یە , بەشی زۆری خاکەکەی شاخاوییەو بەکەڵکی کشت و کاڵ نایات , زەوی کشت و کاڵی تەنها 2,67% خاکی وولاتە . ئەو خاکە بەرینە ناتوانێت خۆراکی دانیشتوانەکەی کە تەنها 8,857,870 ملیۆنە دابین بکات و ئاسایشی خۆراک مسۆگەر بکات , نەبوونی ئاسایشی خۆراک هەموو کات سەروەری نیشتمانیش دەخاتە ژێر پرسیارەوە .

هیندییە سورەکان نزیک 60% دانیشتوانی وولات دیاری دەکەن , ئەمەش بەرزترین پلەیە بۆ بوونی دانیشتوانی ڕەسەن لە هەموو کیشوەری ئەمەریکای لاتیین .

کۆتیشۆ 30% , میتسۆزو(ئەمیرندییان و سپی)30% , شەمار 25% و سپی 15% , هەروەها هەموو دانیشتوان لە ڕوی ئاینییەوە کریستانن , کاسۆلیک 95% و پرۆتستان5% ی وولات پێک دەهێنن .

کشت و کاڵ 13% و پیشەسازی 28% و خزمەتگوزاری 59% ئابوری وولات دیاری دەکەن . بەرهەمی نەتەوەیی وولات بەگوێرەی هێزی کڕینەوە 22,33 ملیار دۆلارە , بەڵام بە دۆلار تەنها 8,024 ملیار دۆلارە , 97ەمین وولاتە لە جیهاندا .

پۆلیڤیا یەکێکە لەو وولاتانەی ژێر باری قورسی قەرزارییەوەیەو گرانە لێی بە سانایی ڕزگار بێت , بەڵام چاوەڕوان دەکرێت بەهۆی بڕیاری وولاتانی جی8ەوە ئەویش یەکێک بێت لەو 18 وولاتەی لە بەشێک قەرزەکانی خۆش بن , قەبارەی قەرزەکەی 5,439 ملیار دۆلارە , ئەمەش لەچاو کۆی بەرهەمی نەتەوەیی وولاتەوە کە نزیک 70% ە زۆر بەرزە , 30% ناردەی وولات بۆ دانەوەی قەرزە .

ساڵی 2004 گەشەی بەرهەمی نەتەوەیی 3,7% بوو , ئەم ئاستەش بۆ ڕزگار بوون لە قەرزاری و هەژاری زۆر لە خوارە , دیارە بەهۆی تەنگ بونەوەی کێشە سیاسییەکانەوە ئەمساڵ شانسی گەشەکردنی زیاتر نییە بۆ ئابوری ئەم وولاتە , ئەگەر نەپوکێتەوە .

64% دانیشتوانی پۆلیڤیا بە گوێرەی ئامارەکانی سیای ئەمەریکی لە خوار هێڵی هەژاریەوەن (2004) . 10% هەژارترین 1,3% داهاتی وولات بە دەستیانەوەیە , 10% دەوڵەمەندترین 32% داهاتی وولات بە دەستیانەوەیە (1999) , ئێستا ئەم جیاوازییە بەرزتر بۆتەوە . پۆلیڤیا لە دوای هایتییەوە دێت لە هەژارییا لەهەموو ئەمەریکای لاتین , هەرچەندە دووەم یەدەکی گازیشی هەیە لە هەموو کیشوەرەکە , لە دوای فەنزویلا دێت . پۆلیڤیاو ئیکوادۆر زیاتر لە 50% خەڵکەکەی هەژارن , لە پۆلیڤیا هەژاری لە نێوان هندییەکان 75% و لە ئیکوادۆر 87-96% .لە ساڵی 1998

دا پۆلیڤیا 114 ههمین وولآت بوو له کۆی 174 وولآت له بواری گهشهی مرۆیی , بهمهش له وولآته ئاست نزمهکانی گهشهی مرۆیی پۆلێن دهکرا .

هاوولآتییانی ناوچهکانی ڕۆژههلآت و باشور ئیسپانی زمانن , خهڵکهکهی دهوڵهمهندترن له ناوچهکانی باکور و خۆرئاوای وولآت , هێزه ڕاستڕهوهکان لهم ناوچانه چالاکن , داوای ئۆتۆنۆمییهکی بهرفراوان دهکهن بۆ ناوچهکهیان , به پێچهوانهی ههژارانی باکور و ڕۆژئاوای وولآت ئهمان داوای زیاتر بۆ بازاڕی ئازاد و سهرمایهگوزاری بێگانه دهکهن .

بێکاری له شارهکان به فهرمی 9,2% ه, بهلآم زۆربهی جوتیاران بێکارن , که 3,5 ملیۆن جوتیار له پۆلیڤیا ههیه , هێزی کار به گشتی 3,8 ملیۆنه (2002) .

بهرههمی کۆکا و کۆکایین نزیک به نیوهی بهرههمی نهتهوهیی پۆلیڤیا دیاری دهکات , داهاتهکهی زۆری له بازاڕهکانی ئهمهریکادا سهرمایهگوزاری دهکرێت له بری ئهوهی بگهڕێته بۆ پۆلیڤیا , دوو لهسهر سێی ناردهی فهنزویلا له کۆکاوهیه , 20% ی هێزی کاری پۆلیڤیا له بهرههم هێنانی کۆکاو بازرگانیی به کۆکاوه کار دهکهن .

نرخی قهسدیر له بازاڕهکانی جیهان که دابهزی جوتیاران کۆکایان بهرههم هێنا . گرنگی دان به بهرههم هێنانی کۆکا بووه هۆی بهرز بوونهوهی نرخی زهوی , وه کهمبونهوهی بهرههم هێنانی خۆراک , جوتیاران له جیاتی بهرههم هێنانی خۆراک کۆکایان بهرههم دههێنا , له سهرهتاوه قازانجی زیاتر بوو , ئهمهش ئهنجامهکهی به برسێتی گهیشت , تا بهوه گهیشت پۆلیڤیا سێ یهکی پێداویستی خۆراکی دانیشتوانهکهی لهدهرهوه بکڕێت .

ئابوری پۆلیڤیا به تهواوی به ئابوری وولآتهکانی دهوروبهرییهوه بهستراوهتهوه , دیاره نهبوونی دهروازهی ئاو کێشهی گهورهی بۆ ئهم وولآته دروست کردووه له بواری بازرگانیدا .

ناردهی پۆلیڤیا بایی 1,986 ملیار دۆلار بووه له ساڵی 2004 , 35,7% بۆ بهرازیل , 13,3% بۆ فهنزویلا , 12,4% بۆ کۆلۆمبیا, 5,3% بۆ پیرۆ بووه .

ههرچی هاوردهیه لهههمان ساڵدا بایی 1,595 ملیار دۆلار بووه , 25,9% له بهرازیلهوه , 17,4% له ئهرجهنتیهوه ,13,1% له ئهمهریکاوه , 10,1% له شیلییهوه , 6,4% له پیرۆوهیه , زیدهی بازرگانی 391 ملیۆن دۆلار بووه له پار ساڵدا , ئهوهش بۆ دانی قازانجی قهرزهکانی چاکسازییهکانی سندووقی دراوی جیهان بهکار دههێنرێت , هێشتا بهش ناکات و ساڵ به ساڵ بڕی قهرزهکان زیاده کات .

# شۆڕشی ئەمجارە

ڕاپەڕینی بەردەوامە , هێمنییەکان بەندە بە وەڵامدانەوەی داخوازی ڕاپەڕیوەکانەوە , زیاد لە 3 هەفتەی خایاند , ئەمڕۆ 13-6 جەماوەری ناوچەی ئالدۆ هەڕەشەی بەردەوام بوون لە ڕاپەڕینییان ڕاگەیاند , پەلە مەکەن کات ڕوداوی گەرمترتان بەدیاری بۆ دێنێت لەم وولاتە , بە پێچەوانەی وولاتانی کەوە لەم کیشوەرە شانسێک بۆ شۆڕشی ڕەنگاو ڕەنگ نییە , هەموو شۆڕشەکان سورن , ئەگەر لە ئیکوادۆر پێچەوانە بوو , ئەوا زۆر پەلە مەکەن , ڕاپەڕین لەو وولاتەش لەژێر تارمایی ئەفساناوی جیفاراوە وا لە دەرگای شۆڕشە دات , لەم کیشوەرە هیچ شتێک جێگیر نییە , چونکە خەڵکەکەی لە قۆناغی گواستنەوەدان , خەڵکی ئەم کیشوەرە هەموو ڕەنگەکان کەیان تاقی کردەوە , ڕەنگە بریقەو باقەکانی بازاڕی ئازاد جگە لە برسێتی و سواڵکردن هیچی کەی پێ نەبوو بۆیان , بۆیە شانسی شۆڕشی ڕەنگاو ڕەنگ لەم برگەیەی مێژوودا لەم کیشوەرە شانسی نییە , خۆتان ماندوو مەکەن , جگە لە یەک ڕەنگ کە ئەویش سورە , ڕەنگی هیچ جۆرە شۆڕشێکی بە چاو نابینن .

ئەمەریکای لاتین بۆتە ناوەندی ڕاونانی سەرۆکەکان , لەبەر زۆری ناوەکان ناتوانین بیان ژمێرین , تا ناوی یەکێکییان لەبەرە کەین ,چەندی دیکە دێتە سەری . ژمارەی دەسەڵاتدارە ڕاونراوەکان لە ئەمەریکای لاتین زۆر زیاترە لە ژمارەی شۆڕشە ڕەنگاو ڕەنگەکانی جیهان , لەبەر ئەوەی ئەم شۆڕشانەی ئەمەریکای لاتین ڕەنگەکەی بە پێچەوانەی ویستی باڵا دەستانی جیهانەوەیە بۆیە باس ناکرێت و بە شان و باڵییا هەڵنادرێت . خەڵکەکەی نە هەقدەستی شەو مانەوەیان دەدرێتی , نە بوتڵە ویسکی و بە سەعات دۆلارییان بۆ دەژمێردرێت .

پۆلیڤییا بە وولاتی شەکر ناو نراوە لە لایەن نەتەوەیەکگرتوەکانەوە , هەر بە ڕاستی سەرۆکەکانی لە شەکر بێ تواناترن لەبەرامبەر ئاوی ڕاپەڕینی جەماوەر . بۆ ئەوەی کەمێک ئاگاداری زیاتر ڕوداوەکانی ئەم 3 هەفتەیەی پۆلیڤییا بین پێویستە کەمێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە , بزانیین چۆن سەرۆک لە دوای سەرۆک بە ئاوی ڕاپەڕین تواونەتەوە .

لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی یۆنی 2002 دا , پاڵێوراوی بزووتنەوە لە پێناو سۆسیالیزم (MAS) و سەرکردەی بەرهەم هێنەرانی کۆکا (ئینۆ مۆرالیس) بە پشتگیری یەکێتی کرێکارانی پۆلیڤییا و ناوەندی کاری پۆلیڤی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بە جیاوازییەکی کەم دۆڕاند بەرامبەر پاڵێوراوی پارێزگار غوانزوالوسانشیز , دووەم دەنگی هێنایەوە کە 20,5% دەنگەکان بوو , لە

بەرامبەردا  بزووتنەوەی گەلی شۆڕشگێڕ (پارێزگار) 22% دەنگەكانی هێنایەوە .
هاوكات  چەپەكان 41 كورسی  پەرلەمانییان بەدەست هێنا , ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە سەركەوتنێكی گەورە بوو بۆ چەپەكان  , هەرچەندە پێشتر سەرمایەدارانی وولأت و جۆرج بۆش هوشدارییان دایە خەڵك دەنگ  بە ئینۆ مۆرالیسی چەپی پەڕگیر  نەدەن .
غونزالو سانشیز لە فیبرایری 2003دا ویستی باج لەسەر هاوولأتییان زیاد بكات , ڕاپەڕین لە دژی ئەنجام درا , ئەو  دەیەویست كەم هێنان لە بودجە كە 8,5% بوو بە دادۆشینی گیرفانی هەژاران پڕ بكاتەوە , بەلأم ئەم هەنگاوە بە شۆڕشی جەماوەری وەلأم درایەوە  , پۆلیسی پۆلیڤیا چوونە پاڵ خۆپیشاندەران و سەرۆك چەند كاتژمێر  هەلأت .
پاش تێپەڕ بوونی 6 مانگ بەسەر ئەو ڕاپەڕینەدا,  هێشتا لەرزی هەلأتنی یەكەم لە جەستەی سەرۆك دەرنەچوو بوو و هەڵچوونی جەماوەری  دانەمركابووەوە, جەنگی گازی 1 دەستی پێكرد لە ئەنجامی یاسای نوێی سوتەمەنی كە نرخی زیاد كرد( زیادەی نرخی سوتەمەنی 25% ) , سەرۆكێكی گێل بوو باری سایكۆلۆجی جەماوەری وولأتەكەی نەخوێندبووەوە , دەنا خۆی تووش ناكرد  , پاش 15 ڕۆژ لە ڕاپەڕینی بەردەوام لە ئاكامی 67 شەهید و زیاتر لە 400 بریندار هەلأت بۆلای بۆش , پێش هەڵبژاردن بۆ بەرز كردنەوەی ورەی پێشوازی لێكرد , دوای هەلأتنیش پێشوازی لێكردەوەو دالدەی دا , بەلأم ئێستا دادگایی كردنی لەبەرامبەر ئەو قوربانییانە یەكێكە لەو مەلەفانەی بەردەوام  ڕاوی دەنێت .
لە جەنگی گازی یەكەم لۆسا بوو بە سەرۆك كە پێشتر جێگیر بوو , لە جەنگی گازی دووەم  لە سەرۆكایەتی دەركرا , میسا بۆ دووەم جار دەستی لەكار كێشایەوە , لە ئایاری ئەمساڵیش پاش ناوڕەزایەتییەكان داوای واز هێنانی كرد لە سەرۆكایەتی , بەلأم لێیان قەبوڵ نەكرد , ئەو ئەزموونی وەرگرتبوو بە زەبرو زەنگ لە وولأتێكی وەك پۆلیڤیا كێشەكان چارەسەر ناكرێت .
دوای ڕاپەڕینەكەی ئۆكتۆبەری ساڵی  2003 كرێكارانی كانەكانی قەسدیر كۆبونەوەیەكی گشتییان ئەنجامدا , دەركەوت ویستییان بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلأت هەبوو .
كرێكارێك ووتی : كرێكاران گیانییان بەخشی , قارەمانییەتییان نواند , بەلأم تەنها گۆڕانی دەستورییان بەدەست هێنا , ئەوانەی ڕاپەڕینییان كرد داخوازی ژیانێكی باشتر بوون و فۆرمێكی نوێیان لە دەوڵەت دەویست , ئێمە دەمان ویست چەوسێنەران لە دەسەلأت نەمێنن  .
هەژارانی پۆلیڤیا بەڕاستی لەم 3 هەفتەیەدا  هێرشییان بۆ ئاسمانە برد ,

له سه‌ره‌تای مانگه‌وه شه‌قامه‌كان گرتران و بوونه سه‌نگه‌ی جه‌نگ , مانگرتوان كێڵگه‌كانی نه‌وتییان داگیركرد , 4 كێڵگه‌ی نه‌وتی كۆمپانییای ڕاسپۆلی ئیسپانی و 3 ی بریتش پترۆلیۆم له لایه‌ن كرێكارانه‌وه گیراوه تا ئێستا , قوتابخانه‌كان داخراون , له جیاتی گه‌ریلا ئه‌مجاره له چیاوه كرێكارانی قه‌سدیر دابه‌زینه ناو شار بۆ ڕزگاری كۆمه‌ڵ , خۆپیشانده‌ران بریتیین له (هاووڵاتییانی لادێی ناوچه شاخاوییه‌كانی ڕۆژئاوا , هه‌ژاران , ئه‌ندامانی سانديكا كرێكارییه‌كان , بزووتنه‌وه سۆسیالستییه‌كان) .

ده‌یان هه‌زار له خۆپیشانده‌ران ڕژانه لابازه‌وه و شه‌قامه‌كانییان گرت و كۆشكی سه‌رۆكایه‌تی و حكومه‌ت و په‌رله‌مانییان ئابلوقه دا .

داخوازی خۆپیشانده‌ران بریتی بوو له (خۆماڵی كردنی نه‌وت و گاز , زیادكردنی باج له‌سه‌ر كۆمپانییا بێگانه‌كان , دادپه‌روه‌ری له دابه‌شكردنی داهاتی نه‌وت و گاز , ده‌ستوری نوێ تیایدا مافی دانیشتوانه ڕه‌سه‌نه‌كه‌ی بۆلیڤیا به فه‌رمی بناسرێت ).

مامۆستایان , سانديكاییه‌كان , هندییه‌كان , چه‌په‌كان هێزی ڕاپه‌ڕینن . بزووتنه‌وه‌ی خه‌بات له پێناو سۆسیالیزم ,بزووتنه‌وه‌ی (ڕێگای لادێ) (CONALIE) , سانديكاكانی كرێكاری و لایه‌نه چه‌په‌كان داینه‌مۆی شۆڕشن .

كرێكارێكی كانه‌كان له ڕۆژه‌كانی دواینی ڕاپه‌ڕیندا كوژرا , ڕابه‌رێكی كرێكاری بوو له پێشه‌وه خۆپیشاندانه‌كان بوو , كاتێك ویستییان كۆبونه‌وه‌ی په‌رله‌مان له شاری سۆكری ئابلوقه بده‌ن .

په‌رله‌مانتاران له ترسی خۆپیشانده‌ران له لاباز هه‌ڵاتن بۆ شاری سوكری له دووری 700 كم له لاباز , باره‌گای په‌رله‌مان له لاباز له لایه‌ن خۆپیشانده‌رانه‌وه ئابلوقه درا .

پاش ڕاپه‌ڕینه‌كان پارته‌كانی ناو په‌رله‌مان جه‌ماوه‌رییان هاته خواره‌وه , ڕاپه‌ڕین گیانی خسته‌وه به‌ر پارته چه‌په‌كان كه له هه‌ڵبژاردنه‌كانی شاره‌وانی كانونی یه‌كه‌می 2004 ده‌نگی كه‌مترییان هێنابوه‌وه .

سه‌رۆكی په‌رله‌مان سه‌ر به چینه داراكانه‌و یه‌كێكه له بۆرژواكان بۆلیڤیا , بۆیه نه‌یانهێشت ببێته سه‌رۆك , كه به گوێره‌ی یاسا بوایه ده‌بوایه ئه‌و پۆستی سه‌رۆكایه‌تی وه‌رگرتایه , ئه‌مه‌ش له دوای ڕاونانی سه‌رۆك دووه‌م سه‌ردانواندن بوو به ده‌سه‌ڵاتدارییه‌تی . بۆیه به ناچاری ئیدوارد ڕۆدیرغیز سه‌رۆكی دادگای ووڵات كرا به سه‌رۆك , ئه‌ویش ئه‌م پۆسته‌ی به مه‌رجی پێشخستنی هه‌ڵبژاردن و ڕازی بوونی خۆپیشانده‌ران قه‌بوڵكرد . پێشتر سه‌رۆكی شاره‌وانی لاباز و 20 شاری كه‌ش داوای هه‌ڵبژاردنی پێشوه‌ختییان كردبوو . هاوكات سوپاش داوای ئاشتییان له‌گه‌ڵ

خۆپیشاندەران کردوو داخوازی ئەوە بوون وەلآم بە داواکارییەکانییان بدرێتەوە , پێشتر بڕیار بوو لە 2007 هەڵبژاردن ئەنجام درێت , پێشخرا بۆ ئەمساڵ .
لە بەرامبەردا لە ڕۆژهەلآت و باشوری وولآت , کە ناوچەی دەوڵەمەندی وولآتن , هێزە کۆنەپەرستەکان خۆیان ڕێکە خەن دژ بە هێزە چەپەکان , ڕۆژهەلآتی وولآت بە ئاوازێکی پێچەوانەی ناوچەکانی کە دەخوێنن . ئەوە نییە تەنها پۆلیڤیا لەم ئاوازە بخوێنێت , ئاوازی سرودی ئەنتەرناسیۆنال ئێشی خستۆتە جەستەی هێزە ڕاستەکانی مەکسیک و کۆلۆمبیاش کە بە مۆلگای هێزە ڕاستەکان لە ئەمەریکای لاتین ناسراون , نموونە لە بۆغۆتا و مدلین کە دوو شاری هەرە گەورەی کۆلۆمبییان لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لۆتشۆ فارتۆنی سەرکردەی کرێکاری و کۆمۆنیستی ناسراو بردییەوە , بەمەش دەسەلآتی ڕاست شەرمەزار بوو .
ئایا ئەمەریکای لاتین دەتوانێت ببێتە ئەزمونگای هێزە چەپە نوێکان و لەو دەروازەیەوە چەپ بگەڕێتەوە گۆڕەپانی سیاسی جیهانی ؟؟ , پەلە مەکەن ڕۆژ و هەفتەو مانگ و ساڵەکانی داهاتوو وەلآمی پۆزەتیڤ بە پرسیارەکەمان دەدەنەوە , لە ئەمەریکای لاتین مەڵبەندی بەرهەم هێنانی گوڵەوە بۆ گوڵ دەکەوینە سەما . جیڤارای بێ گیرفان ڕابەری ئەو گۆڕانکارییانەیە .

## ڕابەرانی کرێکاری و جەماوەری پۆلیڤیا چییان دەوێت و چی دەڵێن ؟؟

با لە دەنگە جیاجیاکانی ڕابەرانی جەماوەری بەشداربووی ڕاپەڕینەوە , بزانیین داخوازەکانییان چییەو بزووتنەوەکەیان بەرەو کوێ دەڕوات .
فلیپ کویسیب (سەرکردەی هندییە سورەکان) , گەریلای پێشوو , سەرکردایەتی یەکێک لە پارتەکان دەکات ووتی : بەهەر نرخێک بووە دەبێت شەڕ دەست پێ بکەین لەگەڵ سپییەکان , بزانیین دواجار لە کۆتاییدا کێ حوکمی وولآت دەکات , داگیر کەرە سپی پێستەکان دەبێت وولآتەکەمان بەجێ بهێڵن .
ڕۆدریجۆ لینلی ئەندامی سانديکای جوتیارانی کۆکا ووتی : تەنها دەمانەوێت حکومەتێکی دیموکراتیک بێت ,دەمانەوێت گوێ لەگەل بگرن , 10 ساڵە گاز بە بێگانە دەفرۆشرێت , بەلآم ژیانمان باش نەبوو ,نامانەوێت دەوڵەت بوکە شوشەیەک بێت بەدەست ئەمەریکاوە .

بەڵام سەرۆکی یەکێتی کرێکارانی پۆلیڤی خایمی سولاریس ووتی: دەسەڵاتی گەل بەرەو ڕووی کۆمپانییاکان فرە نەتەوەییەکان و باڵوێزخانەی ئەمەریکا و دەسەڵاتداران دەبێتەوە.



| PARTY | | | PERIODICALS | CONTACT | IDEOL. | .INTERNAT | ELECTION Parl. '02 | OTHER |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Anarchist Cores of Action youth organization | Nucleos Anarquistas de Acción | NADA | | | anar.-com. | | no part. | f. 2003 by Libertarian Youth of Bolivia |
| Assembly for the Peoples Sovereignty | Asamblea por la Soberanía de los Pueblos | ASP | | | left. indigenist | FSP | Véliz was on NFR list | led by Alejo Véliz, f. 1995 |
| Christian Democratic Party | Partido Demócrata Cristiano | PDC | | | center left. | | on ADN list | f. 1954 |
| Citizens Movement for Change | Movimiento Ciudadano para el Cambio | MCC | | | center left. | | 0.63% | f. 2001 as split from MNR |
| Citizens Power | Poder Ciudadano | | | | center left. | | on MIR list | f. 2001 by Alternativa del Socialismo Democratico and faction of Condepa |
| Communist Party (Marxist-Leninist) of Bolivia | Partido Comunista (Marxista-Leninista) de Bolivia | PC(M-L) | | | mao. | ICMLPO[M] | no part. | |
| Communist Party of Bolivia | Partido Comunista de Bolivia | PCB | Unidad, Marxismo Militante | fax: +591-2770535 | com. | ex-WMR, FSP | no part. | f. 1950 |
| Democratic National Katarism | Katarismo Nacional Democrático | KND | | | left. indigenist | | no part. | |
| Equality and Solidarity | Equidad y Solidaridad | Equi-S | | | | | on PS list | led by Rolando Morales Anaya |
| Free Bolivia Movement | Movimiento Bolivia Libre | MBL | | fax: +591-2354501 | left. soc. | FSP, CSL | on MNR list | split of MIR in 1985 |
| Freedom and Justice | Libertad y Justicia | | | | center left. | | no part. | |
| Green Power Movement | Movimiento Poder Verde | | Poder Verde | fax: +591-241828 | green | FGPA | no part. | |
| Humanist Party | Partido Humanista | | | e-mail | | IH | no part. | f. 1997 |
| Internationalist Red October | Octubre Rojo Internacionalista | | | | tro. | FTI-CI | not existing | f. 2004 |
| Movement of the Revolutionary Left - New Majority | Movimiento de la Izquierda Revolucionaria - Nueva Mayoría | MIR | | e-mail | soc. dem. | SI | 16.32% | f. 1971 |
| Movement towards Socialism - Political Instrument for Peoples' Sovereignty | Movimiento al Socialismo - Instrumento Político por la Soberanía de los Pueblos | MAS-IPSP | | e-mail | | | 20.94% | split as IPSP from ASP in 1998, MAS since 1999, led by Evo Morales |
| Movement without Fear | Movimiento Sin Miedo | MSM | | | | | no part. | f. 1999 as split from MBL |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Multinational Socialist Homeland | Patria Socialista Multinacional | | | | | | not existing | f. 2003, led by Hugo Moldíz |
| National Front for Chance | Frente Nacional por el Cambio | | | | | | on PS list | led by José Ernesto Ayoroa |
| National Salvation Front | Frente de Salvación Nacional | FSN | | | | | no part. | f. 1996, led by Manuel Morales Dávila |
| Pachakuti Indigenist Movement | Movimiento Indígena Pachakuti | MIP | | | left. indigenist | | 6.09% | f. 2000, led by Felipe Quispe Huanca "Mallku" |
| Patriotic Social Bloc | Bloque Social Patriótico | | | | | | no part. | f. 2001, led by Manuel Morales Dávila |
| People's Unity Front of Bolivia | Frente de Unidad del Pueblo de Bolivia | FUPB | | | stal. | | no part. | |
| Popular Alternative of Change | Alternativa Popular de Cambio | | | | | | no part. | |
| Revolutionary Front - Marxist Leninist Maoist | Frente Revolucionario Marxista - Leninista Maoísta | FR-MLM | Senda Roja | e-mail | mao. | close to RIM | no part. | |
| Revolutionary Front of the Left | Frente Revolucionario de Izquierda | FRI | | | ex-mao. | | on MIR list | f. 1978 as front of the Communist Party of Bolivia, Marxist-Leninist (PCBML) |
| Revolutionary Movement Tupaj Katari - Liberation | Movimiento Revolutionario Tupaj Katari de Liberación | MRTK-L | | tel.: +591-354784 | indigenist | | no part. | f. 1985 |
| Revolutionary Nationalist Movement of the Left | Movimiento Nacionalista Revolucionario de Izquierda | MNRI | | | left. populist | | no part. | f. early 1970s as split from MNR |
| Revolutionary People's Party | Partido Revolucionario del Pueblo | PRP | | | rad. left. | | no part. | f. 1991 |
| Revolutionary Vanguard - 9th April | Vanguardia Revolucionario - 9 de Abril | VR-9IV | | | left. nat. | | no part. | |
| Revolutionary Workers' League for the Fourth International | Liga Obrera Revolucionaria por la Cuarta Internacional | LOR-CI | Lucha Obrera | e-mail | tro. | FT(EI) | no part. | f. 1999 |
| Revolutionary Workers' Party - Masas | Partido Obrero Revolucionario - Masas | POR-Masas | Masas | e-mail | tro. | CERCI | no part. | f. 1935, led by Guillermo Lora |
| Revolutionary Workers' Party (Trotskyist Posadist) | Partido Obrero Revolucionario (Trotskista Posadista) | POR(TP) | Voz Obrera | | | | no part. | f. 1963 |
| Socialism or Barbarism | Socialismo o Barbarie | SoB | | | tro. | SoB | not existing | f. 2004 |
| Socialist Party | Partido Socialista | PS | | e-mail | left. soc. | | 0.65% | f. 1989 as Socialist Vanguard of (VS), Bolivia |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | led by Jerjes Justiniano Talavera |
| Socialist Party One - Refoundation | Partido Socialista Uno - Refundación | PS-1 | | e-mail | left. soc. | | supported MNR | led by Germán "Chunka" Gutiérrez |
| Socialist Party One - Reconstitution | Partido Socialista Uno - Reconstitución | PS-1 | | | | | no part. | led by Wálter Vásquez Michel |
| Socialist Workers' Movement | Movimiento Socialista de los Trabajadores | MST | Chasqui Socialista | | tro. | LIT | no part. | active in MAS |
| Trotskyist Opposition of Bolivia | Oposición Trotskista de Bolivia | | Trinchera Revolucionaria | e-mail | tro. | CRFI | no part. | split from POR in 1994 |
| United Left *unofficial* | Izquierda Unida | IU | | | rad. left. | | no part. | alliance dominated by PCB |
| Workers' Power | Poder Obrero | | Poder Obrero | e-mail | tro. | LCMRCI | no part | |

خشتەی سەرەوە هێزە چەپەکانی پۆلیڤیایە .

هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی :

| President: 30 june 2002 (71.9 %) | % |
|---|---|
| Gonzalo Sanchez de Lozada - Movimiento Nacionalista Revolucionario | 22.5 |
| Evo Morales - Movimiento al Socialismo | 20.9 |
| Manfred Reyes Villa - Nueva Fuerza Republicana | 20.9 |
| Jaime Paz Zamora - Movimiento Izquierda Revolucionaria | 16.3 |
| Felipe Quispe - Movimiento Indígena Pachakuti | 6.1 |
| Ronald MacLean - Alianza Democrática Nacionalista | 3.4 |
| Alberto Costa Obregon - Partido Libertad y Justicia | 2.7 |

هەڵبژاردنی پەرلەمان :

| Cámara de Diputados and Cámara de Senadores: 30 june 2002 (66.7 %) | | % | 130 | 27 |
|---|---|---|---|---|
| MNR-MBL | MNR-MBL | 26.9 | 36 | 11 |
| - Movimiento Nacionalista Revolucionario | MNR | | | |
| - Movimiento Bolivia Libre | MBL | | | |
| Nueva Fuerza Republicana | NFR | 26.5 | 25 | 2 |
| Movimiento Izquierda Revolucionaria | MIR | 19.8 | 26 | 5 |
| Movimiento al Socialismo | MAS | 11.9 | 27 | 8 |
| Unión Cívica Solidaridad | UCS | 5.3 | 5 | - |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Alianza Democrática Nacionalista | ADN | 3.1 | 4 | 1 |
| Partido Libertad y Justicia | LJ | 2.7 | - | - |
| Movimiento Indígena Pachakuti | MIP | 2.2 | 6 | - |
| Partido Socialista | PS | 0.7 | 1 | - |

## پارته سیاسییەکان و ناسنامەی سیاسییان :

- **Nationalist Democratic Alliance): authoritarian populist party**

**(Movement towards Socialism): socialist party Movimiento al Socialismo•**

- **Movimiento Indígena Pachakuti (Indegenious Pachakuti Movement): indigenist left-wing party**

**(Movement of Revolutionary Left): Movimiento Izquierda Revolucionaria• social-democratic party**

**(Nationalist Revolutionary Movimiento Nacionalista Revolucionario• Movement): centrist party**

**(Movement Free Bolivia): progressive party Movimiento Bolivia Libre•**

- **Nueva Fuerza Republicana (New Republican Force): personalist party**
- **Partido Libertad y Justicia (Freedom and Justice Party): progressive party**
- **Partido Socialista (Socialist Party): socialist party**
- **Unión Cívica Solidaridad (Citizens' Solidarity Union): conservative party**